بیرەوەریی

# جەبار فرمان دەیەوێ بمکوژێ

حەمەفەریق حەسەن
hemefarik@yahoo.dk

تێبینی: بیستوومە ڕێزدار جەبار فرمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی((یەنک)) دووچاری نەخۆشییەکی سەخت بووە. هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بۆ دەخوازم.. هاوکات وەهای بەچاکدەزانم هەتا لە ژیاندایە، بۆخۆی ئەم چەند دێڕە بیرەوەرییە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەوەوە هەیە بخوێنێتەوە؛ نەبادا خوانەکەران بڵاوبوونەوەی بکەوێتە پاش مەرگی؛ ئەوسا کەسێکیش پێمبڵێ: ئەدی هەتا خۆی لەژیاندابوو بۆچی نەتورووژاند؟
***

بەندە کاتێ ئەو چیرۆکانەم بۆ پێشمەرگە، بە جیاوازیی بیروڕایانەوە نووسیوە، لەوبڕوایەدا نەبووم ڕۆژێ لە ڕۆژان بەئاشکرا پێمیم لەشارەکانی کوردستاندا ببینم. وەختێکیش ڕاپەڕین بەرپابوو، هەموو گەڕانەوە شار لە زەینی خۆمدا وەهام دانابوو، یەک لەباری پرسی ڕووناکبیری و ئەدەبیی بەبێ من دەست بەئاودانەکەن. تەحا لەئاوەزی ناتەواوم! ئای کەوانەبووا! من کە ڕابوردووم لەتاڵی خۆر چنراوە ئەوا ئێستا ترسی گەورەم ئەوەیە دوای کوشتنم ناوزڕاویشم بکەن!
هەلومەرجی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان1991 دەرئەنجامی ئەو هەڵە مێژووییە بوو، کە دیکتاتۆری عیراق کردی و پەلاماری وڵاتی کوێتی دا. ڕاپەڕین جەماوەری خەڵک ڕایانپەڕاند. پێشمەرگە لە 1983دا، لەهەرەتی خۆیدا، ئێرانیشی لەگەڵدابوو هێشتا هەر نەیتوانی شارێکی وەک هەڵەبجە ڕزگاربکا، بەڵکو پێکرا، واتە لەگەڵ ئێراندا، بەڕژێمی بەعس بەکاولکردنیان دا. یان بەمەرەی پەندە عارەبییەکەیان برد کە دەڵێ، ((ویستی کلی لەچاوانکا، بەڵام کوێریکرد))
دوای ڕاپەڕین، دەیان خولەچەخماخە، کە زۆربەیان ئالوودەی نەخۆشی دەروونی بوون، وەک مرۆڤی چاخی کۆن لە قووڵایی ئێران و ئەشکەوتەکانەوە ڕژانە شار. زۆرێک لەوانە ئیستاشی لەگەڵدابێ ئالوودەن، هێشتا خۆیان پێچارەسەر نەکراوە، چجای ئەوەی چارەسەری کێشەکانی خەڵک بکەن.
ئەوەبوو دوای ڕاپەڕین باری ئابووری بەجارێ دادەپی. دیارە هەموو ئەو دروشمە پووچەتان بیستووە، کە دوای کشانەوەی دامودەزگەکانی دەوڵەت لەکوردستاندا، حیزبەکان دایانتاشی ((مامۆستا سەری بڵندی بۆ مووچە نەوی ناکا)) لەڕاستیدا سەری بەرز بەبێ مووچە نەوی دەبێ. ئەدی بەچی بژی؟ وەلێ ئەم دروشمە زەین خەڵەتێنە کاکی موستەشاری نەدەگرتەوە. ئەوان، کە هەریەکەو لانیکەم بڕی مووچەی قوتابخانەیەکی ناوەندییان، بەتەواوی مامۆستاو کارمەندەوە، لەیەکێک لە دوو حیزبە گەورەکە وەردەگرت، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی دیوەخانانەوە، مانگانەو بەبێ دواکەوتن بۆیان دەچووە ماڵەوە.
بەندە کە تاکو ڕاپەڕین (29)ساڵ خزمەتی مامۆستایەتیم هەبوو، ڕۆژێک لەڕۆژان تەنانەت نەکرابوومە (یاریدەدەر) ی بەڕێوەبەریش، کە هیچ ئۆرتێکی نییە. ناچار لە هەفتەنامەی (ئاڵای ئازادی) دا، کە زمانحاڵی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو، بەبڕی ((250)) دیناری مانگانە بوومە ڕۆژنامەنووس. بەکرێ کارمەدەکردو کەسێکی بێلایەن بووم. بەرپرسی نووسینگەی سلێمانیی ئاڵای ئازادی، هێژا ((یوسف عەلی)) بوو، کە بەنازناوی (هاوڕێ پشتیوان)ەوە خۆی دەناساند. ئەو بەڕەگیشە خەڵکی خانەقی بوو. کاک پشتیوان خۆی کەسێکی بەڕێز بوو، ڕێزی لەو چەند نووسەرەش، کە لەوی بەکرێ کاریادەکرد دەگرت.
قسەیەک هەیە دەڵێ ((دڵم خەبەری داوە)) یان لەوانەشە پێشبینی بێت و بچێتە خانەی پاراسایکۆلۆجییەوە. گومانی تەواوم پەیداکردبوو، کە ((یەنک)) بەمزووانە دەمکوژێ. لەلای ژنەکەم و منداڵەکانم درکاندم، کە ئەگەر

کوڕرام ئەوە بزانن کە ((یەک))ەو بەسەرکەسدا نەچن.. وەلێ وەسێتم نەکرد. ئەگەر بڵێی بەدەر لەڕەخنەی بنیاتنەری جارو بار لەدۆخەکە، هیچ چالاکیی سیاسیم نەبوو. ئەم درکاندنەشم هەر بۆ ئەوەبوو. بەو سیناریۆ دزێوەی داوی مەرگم بۆم دروستدەکەن کە نازانم چۆن و چیدەبێ، بڕوانەکەن.
بەو سیفەتەی لە ڕۆژنامەیەکدا کاردەکەم زمانحاڵی حیزبێکە، نێوانم لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەدا باش بوو. گەلێ جاران دەهاتنە سەردانی نووسینگە. لەهەندێ ئاهەنگ و بۆنەشدا ئێمەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەیان بەسەردەکردەوە.
دوای دەوامی قوتابخانە. نزیکی سەعات سێ، بەپێیان دەچوومە نووسینگەی ئالا، کە زۆر لەماڵەکەمەوە دوور نەبوو. لەسەر شەقامی ڕزگاری و سەر چێشتخانەی ((ئاوا)) کەوتبوو. جیا لەهەموو ڕۆژێک ئەو ڕۆژە کەچە دەمانچەکەمم کەوتەوە بیر. حەوت گوللەی تێدابوو. خستمە بەرپشتوێنەکەم، وەها کە بەدەرەوە نەبێ. من و دەمانچە؟ لە خۆیدا دیمەنێکی کاریکاتێرییە! ئەگەر بڵێی بەباشی لێمنەدەزانی چلۆن بەکاردێ. بەندە یەک سەعاتیش خزمەتی سەربازیم نەکردووە هەتا لێیبزانم، بەڵکو بەپێی بڕیارێک کە لەدوای ساڵی 1970 وە دەرچوو، لەو سۆنگەیەوە گوایە میلاکی مامۆستا لەچاو حەشیمەتی عێراقدا کەمە، بەسەد دینار بەدەل ((البدل النقدی)) لە تەواوی مامۆستایانی هاوتەمنی من خۆشبوون.
کلیلم پێبوو. کاتێک دەرگەی نووسینگەکەم کردوە. هیچ پۆستێکی لەژێردا نەبوو. دەمانچەکەم لەبەر پشتوێنم دەرهێناو فڕێمدایە چەکمەجی مێزەکەی پشتیوانەوە. هاتمە دەرەوەو دەرگەم داخست و نازانم بەهۆی چییەوەبوو، بڕێک لەو ناوە دوورکەوتمەوە! کاتێ گەڕامەوە دیتم پشتیوان لەوێیە. وتی: (( ئەوە تۆ لەکوێی؟ لەدووت وێڵم.. من هەرگیز چەکم پێنەدیوی. سەرم سووڕما کاتێ دەمانچەم لە چەکمەجی مێزەکەمدا بینی! دیارە هی تۆیە. هیچت بیستووە؟)) منیش لەسەرخۆ وتم: ((بەڵێ دەمانچەی منە. بەڵام هیچم نەبیستووە!)) ئەقڵی نەیبڕی، وتی ((بەڵام من بیستوومە. با هەتا سەربان بچین))
پێکەوە بەپلیکانەکاندا سەرکەوتینە سەربانی تەلارەکە. پشتیوان وتی: (( ڕاستییەکەی من پێش تۆ هاتووم. دەرگەم کردەوە نامەیەکی لەژێردابوو. کاتێ واڵامکرد دیتم بۆتۆیە. ئاگادارت دەکاتەوە کە جەبار فرمان بەتەمایە بتکوژێ..)) دەستی بەگیرفانیداکردو نامەکەی دەرهێنا. کە خوێندەوە، حەپەسام! کاتێ ئێوارە گەڕامەوە ماڵ، ژنەکەم وتی (( دوای تۆ دوو زەلام، لەدەرگەیان داوە. نەمناسیون، هەواڵیان پرسیت، وتیان ئیشێکی زۆر پەلەو گرنگمان پێیەتی!))
هەر هەمانکات هەمان کەس یان کەسان تەلەفوونیان بۆ بارەگای حیزبی زەحمەتکێشان کردبوو، بەئاشکرا داوایان لێکردبوون (( دەبی بەپەلە فریای حەمە فەریق بکەون دەنا جەبار فەرمان دەیکوژێ)) ڕێکەوت ((مامۆستا شێرکۆ)) کە کادیرێکی پێشکەوتووی ئەودەمی زەحمەتکێشان بوو، ئەو تەلەفوونی بارەگای هەڵگرتبوو. بەم شێوەیە سەرانی حیزبی زەحمەتکێشان پێیانزانی، کە بەجدیی هەوڵی کوشتنم لەلایەن جەبار فرمانەوە، کە ئەودەم بەدەستەڵات و زەبردەست بوو، کەس نەیدەتوانی قسە لەقسەیدا بکا، بەڕێوەیەوەو ها ئێستا ها ساتێکی دی پیاکوژەکانی زرمەم لێهەڵدەسێنن.
جێی باسە ئەودەم کاک جەبار فرمان وەک سەرکردەیەکی سەربازیی و بەرپرسی هەموو پێمیەکانی ینک، داشێکی بەهێزی ئەو گەمە سیاسییەبوو، کە ڕێزدار جەلال تاڵەبانیی پێناسراوە! ئەوەبوو مامە، کاک جەباری کردبووە شێری خۆی. هەم ملانێی ڕەمزە دیارەکانی نێو خودی ڕێزەکانی یەکێتی پێدەکردو لەنگەری هێزیی پێڕادەگرت، تاهەردەم خۆی باڵادەست بێ. هەم وەک کەسێکی دەستوەشێن پیشانی پارتیی بدا. ئەوەبوو لە ڕۆژانی جەنگی ناوخۆدا کاک جەبار سەرکردایەتیی زۆربەی شەڕەکانی نێوان هەردوولای پێسپێردرابوو. خراپیش دەستی دەوەشان!
دواتر ئەو بەڕێزەی نامەکەی بۆ نووسیبووم ((کاری ڕاست بێت و هەتا ماوم سوپاسگوزاریم، نامەکەشم پاراستووە، بەڵام نازانم نهۆ لە کوێندەرێ دەژی. ڕوخسەتم لێوەرنەگرتووە تاکو ناوی بهێنم. هیوادارم

لەهەرکوێ هەیە ئەم نووسینەی بەرچاو بکەوێ و لە پرسی ناوهێنانی ئاگادارم بکاتەوە!)) دیاربوو ئەو لەڕێی دەزگەی نهێنی یان بەهەر هۆیەکی دیکەوەبێ زانیبووی، خۆی ئاشکراکرد. ئەو کادیرێکی ناسراوی یەکێتی نیشتمانی و خەڵکی شاری سلێمانییە. دیاربوو لەنزیکەوە دەیناسیم. پێیوتم دەبێ ئەم مەسەلەیە زۆر بەجدی بیگری. خۆت بشارەوە، یان بچۆرە ناو حیزبێکەوە یان بەپارێزگار بڵێ بتشارێتەوە، دەنا بێگومانبە جەبار فرمان دەتکوژێ!

وەلێ پشتیوان وتی: (( تازە شتەکە ئاشکرابووە، بۆیە ئیدی مەترسی لەسەر ژیانت نەماوە، بەڵام دەبێ بەزووترین کات پێکەوە جەبار فرمان ببینین.)) دیارە ناوبراو خەڵکی خانەقینەو لەگەڵ جەبار فرمان چاک یەکودوو دەناسن. هەر وەک زۆر لەسەرکردەو کادیرانی ئەو دەمی زەحمەتکێشان هەم خەڵکی خانەقین و هەم دۆستی کاک جەبار بوون. دیارە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە ئاگاداربوون، بۆیە پێدەچوو لەهەوڵدابووبن بۆ وەستاندنی ئەم پیلانە.

بە هاوڕێ پشتیوانم وت: ((ماقووڵە کەسێ بییەوێ بمکوژێ و من بچمە سەردانی. ئایا ئەم تەنازول نییە؟)) پشتیوان لەسەرخۆ وتی ((نا تەنازول نییە. خۆتۆ بۆئەوە ناچی تا لێی بپاڕێیتەوە. وەک پێموتی تازە پێیزانراوە، ئیدی ئەم کارە ئەنجام نادات پێوەندیشی پێوەکراوە، وتوویەتی بابێ بیبینم!)) دیار بوو ئەوان بۆیان باسکردبوو، کەمن هیچ تاوانێکم نییە. ئەگەرچی برایەکەم ڕەخنە یان جمێنیشی پێدابێ هیچ گوناهێکی منی تێدا نییە. هەروەک ڕۆڵی بەندەشیان وەک نووسەرێک لە پێش ڕاپەڕیندا بۆ باسکردبوو.

هەرچۆنێک بوو نابەدڵ لەگەڵ پشتیواندا بەڕێکەوتین. ئەمەش مانای وایە قوربانی بەپێی خۆی بۆ لای میرغەزەب دەچێ! ماڵەکەی لە تەلارێکدابوو، لەپاڵ دواناوەندیی سۆلاڤی کچان. نزیک ((سەهۆڵەکە)). کاتێ پشتیوان لەدەرگەی دا، حیمایەیەک کردییەوە. چووینە حەوشەیەکی فراوانەوە، زیاتر لە باخچەی ئاژەڵان دەچوو تاماڵ. ژمارەیک ئاسک و تاوس لەوێندەرێ بوون. ئاسکەکان پەرژینیان بۆکرابوو وەلێ تاوسەکان ئازاد بوون. ئاسکێک دەشەلی. جەبار فرمان بەرانبەریان لەسەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو. پشتیوان منی پێناساند. کاک جەبار ئەو گۆڤاری ((خەرمانە))یەی کە بە دەستییەوەبوو، بەرەوڕوو ڕاگرتم و یەکسەر وتی: (( ئەوەتا ئاسک و تاوسەکانم فەرموو لەسەریان بنووسە!)) هەستم کرد ئاگر لەچاوی دەبارێ وتم: (( قوربان من نەمنووسیوە. ئەوەی نووسیوێتی هەزاران کیلۆمەتر لێمەوە دوورە!)) خوایە کە ((قوربان)) وشەیەکی ناشیرینە بەڵام من پێموت قوربان. بەڕاست شتێکی سەیر نییە مرۆڤ بتوانێ ئارام بەڕانبەر کەسێ دابنیشێ، کەچەند سەعاتێک لەمەوبەر بەتەمابووبێ بیکوژێ؟ دوای نەختێ بێدەنگی کە من تازەکی لەسەر کورسییەک بەرامبەری دانیشتبووم، بەتووڕەییەوە وتی:((بۆچی جەلال تاڵەبانی خزمەتکاری باوکی حەمە سەعیدە؟))

ئەم پرسیارە چاوەڕواننەکراوە ڕێک دەکاتە: ((بۆچی جەلال تاڵەبانی خزمەتکاری باوکتە؟)) دیسان لەسەرخۆ وتم: ((بەڵام ئەوە من نەمنووسیوە. من حەزمدەکرد لەبریی ئەو نووسینە دۆلاری بۆ بناردمایە!))

پێدەچوو ئەم وەڵامەی بەلاوە ماقووڵ بووبێ. دواتر کەمێ هێور بۆوەو وتی:((من نەمزانیوە تۆ قەڵەمێکی وەها جوانت هەیە! بەڵام باش بزانە من {وریا}م بەتەور نەکوشتووە. ئەوە فرمانی حیزب بوو بەجێمگەیاند. پێیانوتم وریا نهێنییەکانی حیزبی ئاشکراکردووە، بیکوژە. منیش فرمانی حیزبم جێبەجێ کرد. من پەلی وریام گرت و بردم دوورمخستەوە. لەنێوان دو تاشە بەرددا فیشەکێکم بەسەرییەوە نا. بەڵام ئەوان دوای هەفتەیەک ئەوجا لاشەکەیان دۆزیبۆوە. کاتێ ویستبوویان هەڵیبگرن پەلی بەدەستیانەوە هاتبوو. وەختێ دەستیان دابووە قاچی، لاقی بەدەستیانەوە هاتبوو. لاشەکە ڕزیوە، بۆیە وایانزانیوە من بە(تەوەر) پارچە پارچەم کردووە! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە گوللەیەکم بەتەپڵی سەرییەوە ناوە. من لەپێشمەرگایەتیدا گوێم لە نەوشیراون نەگرتووە. من تەنیا فرمانی حیزبم ڕاپەڕاندووە، ئەوەش بزانە وەک هەندێک من بەئەندامی سەرکردایەتی لەدایک نەبووم. لەپێشمەرگەی ئاساییەوە، بەهەقی خۆم سەرکەوتووم تا گەیشتوومەتە سەرکردایەتی. ڕاپەڕینی دووەم من ئەنجامدا. مەسعود بارزانی پێیوتم، لەگەڵ حکومەتی عیراقدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین نابێ پەلاماری

هێزەکانی عیراق لە بەنداوی دووکان بدەین. بەڵام من گوێشم لێنەگرت. ئەوە من بووم دوا سەربازی ڕژێمم لە کوردستان دەرپەڕاند. ئەوە مێژووە! لە چیاش هەردەم گیاندارم ڕاگرتووەو خۆشمویستووە. فەرموو خۆت لەپێشمەرگە بپرسە. من هەردەم لەچیاش، وەختێ لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا شەڕمکردووە هەمیشە {سمۆرە}یەک بە سینگمەوە بووە! من نازانم بۆچی خەڵکی سلێمانی ڕقیان لێمە؟ چەند هەوڵ دەدەم خانوویەکم بەکرێ نادەنێ! سەیرکە، بەردەوام میوانم هەیە و جێمان نابێتەوە..))

جێی باسە ئەو ژمارەیەی (خەرمانە) ئاماژەی بەهەندێک مەسوول داوە، کە گوایە باخی ئاژەڵیان هەیە. دیارە کاک جەبار ئەمەی بردبووە سەرخۆی، ئەگەرچی لەوتارەکەدا ناوی کەس نەهاتووە.

دواتر ژمارەی ئەو تانک و سەربازانە وت، کەهەتا ئەم دواییە لەکوردستان مابوون و ئەو بۆ دواجار لە سنووری ناوچەی ڕزگارکراو سووتاندوونی یان دەریپەڕاندوون. ئەوجا پێیوتم: (( ئێستا لەخۆت دڵنیابە.. هەر پێویستییەکیشت هەیە با بۆتی جێبەجێکەم! )) منیش پێموت: ((سوپاس، هیچم پێویست نییە)) بەم شێوەیە ماڵئاواییمان کرد. دیارە ئەگەر ئەو پیاوە بەڕێزە، بەندەو زەحمەتکێشانی ئاگادارنەکردایە، بێگومان کاک جەبار فرمان لەسەر چەند وشەیەک دەیکوشتم کە من نەمونووسیبوون!